گرێبەستە نەوتیەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە هەرێمی کوردستان

پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی-MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies

بەهرۆز جەعفەر

گرێبەستە نەوتیەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە هەرێمی کوردستان

- **بەهرۆز جەعفەر**

ئینستیتوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری نەوت و غازی سروشتی و سامانی ئاودا، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی جیۆپۆڵەتیك و بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی بەگشتی، هاوکات بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی دا، سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی ووزەو ئاسایشی هەرێمایەتی و بونیادنانی ئاشتی و کێشە مرۆییەکان لە ئارادایە، هەروەکو سێکتەرەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی ئینستیوت دا ئاماژە پێدراوە(www.mirs.co)

عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی

ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co وە یاخود Bilal@mirs.co

قوبرص- نیکۆسیا- هاسبولات- تە لە فۆن: 00905338601514

گرێبەستە نەوتیەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە هەرێمی کوردستان

لەم بابەتەدا سێ گۆڕاو (Variable) هەیە ئەبێت یەکسەر تێیان بگەین، ئەوانیش: (گرێبەستە نەوتیەکان) و (حکومەت) و (کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان) ە. ئەمە هەمووی بۆ ئەوەیە وەڵامی چوار پرسیار بدەینەوە:

- ڕۆڵی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە پاڵپشتیە داراییەکانی جیهان و پێدانی باج دا چی یە؟.
- تێکڕای قازانجی نەوت چۆن لە نێوان کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان و حکومەتدا دابەش ئەکرێت؟
- گرێبەستە نەوتیەکان چین و چۆن گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان کارئەکات لەهەرێمی کوردستاندا؟.
- بودجەی پرۆگرامە کۆمەلأیەتیەکان لەنێوان حکومەت و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکاندا چی لێ دێت؟

یەکەم: کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان –Multi-National Corporations

دەوڵەت، تا قۆناغەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمیش تاکە ئەکتەر بو کارلێکی لەگەڵ ئەکتەر (دەوڵەت) ەکانی تردا ئەکردو، بەمەش ئەوترا پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، "هانس مۆرجنتاو" پێشەنگی قوتابخانەی ڕیالیزم (المدرسە الواقعیە) لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دا کتێبی (سیاسەت لەنێوان نەتەوەکان دا: تێکۆشان بۆ هێزو ئاشتی) ی لەساڵی (1948) نووسی، تیایدا (6) پرەنسیپی بۆ ڕیالیزمی سیاسی خستەڕوو، وای شی ئەکاتەوە کە "هەموو شتێك لەپێناو هێزدا" بێت و "هێز–Power" یش لە پێناو دەوڵەتدا بێت، بەهیچ شێوەیەك دەوڵەت نابێت هێزی خۆی دابەش بکات لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان دا، بۆ ئەوەی ئاشتی و ئارامی بێتەدی ئەبێت دەوڵەت "هێز" ی هەبێت. ئەم "هێز" ەش دواتر لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا، بەواتایەکی تر دیمەنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دیمەنی گەڕان و دابچڕینی بەرژەوەندییە، هێزیش ئەو بەرژەوەندییە دیاری ئەکات.

ئەم تێزە لەلایەن لیبراڵیستەکانەوە ڕەت کرایەوە، نەخێر ئەبێت "تاك" لەبری "دەوڵەت" سەنتەر بێت و، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و، بانکە جبهانیەکان و، ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییە جیهانیەکانیش پێویستە ڕۆلیان هەبێت و، هەمەچەشنی پێداویستیەکی سیاسەتی نێودەوڵەتیە، تا ئەهاتیش بای بەهێزی دیموکراتی و گلۆباڵیزەیشن سنورەکانیان کاڵتر ئەکردەوەو، پاڵیان بەم ئارگیۆمێنتەی لیبراڵیستەکانەوە ئەنا.

لەساڵی (1991) دا سێ گۆڕانکاری گەورە بەدوای یەکدا لەڕیشەوە سیاسەتی نێودەوڵەتیان گۆڕی، ئەو سێ فاکتەرە سێ تەقینەوەی هەژێنەر لەهەمان کاتدا کۆتابی هێنا بەو ژانە قورسەی کە کرانەوەی دونیای

دواخستبو، یەکەمیان، یەکێتی سۆڤیەت ڕووخاو لەناوچەی بەلتیق و سلاڤ و بولقان و تورکەکاندا (16) دەوڵەت سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند کەپێشتر لەژێر چنگی سۆڤیەتدا بون. دووەمیان: تیۆری نیۆ–لیبرالیزم گەشەی کرد (نیۆلیبرالیزم: ئایدۆلۆجیەتێکە بڕوای بەدەوڵەت نییە و، لەسەر بنەمای لیبرالیەتی ئابوری و کەرتی تایبەت تێزەکانی کەڵەکە کراون). سێهەمیان: بەدوای ئەو دوو گۆڕانکارییەدا دەیەها هەزار تۆڕی پەیوەندی و سەدان هەزار ڕێکخراوی ناو گەورەو سەدەها هەزار کۆمپانیاو هەزاران زانکۆی تایبەت ئەم جیهانەیان تەنیەوە، ئیمڕۆکە تا دەوڵەت ڕۆڵێك ئەگێرێت ئەوان دوان...ئێ پرسیارەکە ئەوەیە ناسنامەی ئەمانە چیە؟. کێ ئاڕاستەیان ئەکات!. ئەکسۆن مۆبێل –Mobile Exxon لەساڵی (2018) ەدا (279.3) دووسەت و حەفتاونۆ ملیارو سێسەت ملیۆن دۆلاری ئەمریکی داهاتی هەبوە، ئایا ئیکسۆن کۆمپانیایەکی ئەمریکیە یان جیهانیە؟. بێگۆمان پێش ئەوەی نێودەوڵەتی بێت ناسنامەکەی ئەمریکیە.

هەموو ڕاپۆرتە ئابورییەکان ئەوە نیشان ئەدەن لە ساڵی (2018) ەدا سەرو (830.000) هەشت سەدوسی هەزار کۆمپانیای فرەڕەگەز لەم جیهانەدا تۆمارکراوە. بەپێی ڕاپۆرتی فۆڕچن گلۆباڵ (Fortune Global500) کە ڕیزبەندی ساڵانەی 500 گەورەترین کۆمپانیا جیهانیەکانە، تەنها دە لەهەرە کۆمپانیا زەبەلاحەکان لەساڵی (2018) ەدا (500,34) پێنج سەت ملیارو سی چوارملیۆن دۆلار داهاتیان هەبووە. بەهەرحاڵ کۆمپانیای فرەڕەگەز ئەوەیە کە سنورەکانی دەوڵەتی دایك ئەبەزێنێت و لە دوو وولآت بەرەو سەر لقی هەیەو وەبەرهێنان ئەکات. بەڵام بەگشتی ئامانجەکانیان ئەمانە ئەوەیە:

یەك: پاڵپشتی سەرمایەداری ئەکەن و سەرلەنوێ پارە ئەدەن بە بانکەکان (دفع الاموال للبنوك) ئینجا ئەم پارەیەش بۆ گەشەپێدان تەرخان ئەکرێتەوە.

دوو: پاڵپشتی دارایی دەوڵەت (یان دەوڵەتەکان) ئەکەن لەڕێگەی پێدانی باج ەوە (کۆمپانیای نەوتی ئەبێت پێنج جۆر لە باج بدات).

سێهەم: ئەم کۆمپانیایانە قازانج ئەخوڵقێنن و سوودەکانی سەرمایەداریش ئەمان بەرجەستەی ئەکەن

چوارەم: زامنکردنی کار بۆ ئەوانەی لەبواری تەکنیکی و بەڕێوەبردن یان کرێکاریدا کارئەکەن

– هەڵبەت دوو خاسیەتیشیان هەیە خاسیەتێکی تەواوکاری کە ئەبنە هۆی ئاسانکاری لەهەبونی هەموو جۆرێك لەکەلوپەل و ماددەی جۆراوجۆر لەهەموو شوێنێکی دونیاو شارەزایی بلأوئەکەنەوەو کەلتوری هاوبەش دروست ئەکەن، لەلایەکی ترەوە خاسیەتێکی قۆرخکردن (احتکاری) یشیان هەیە کە ئەبنە مایەی مۆنۆپۆڵ کردن و...تادوایی.

دووەم: گرێبەستە نەوتییەکان –Oil Contracts

ئەگەر لە شوێنێکدا (20000) بیست هەزار بەرمیل دەربهێنرێت ، نرخی یەك بەرمیل نەوت (100$) بێت، ئەوا یانی (2000000) دوو ملیۆن دۆلار داهاتی نەوت هەیە، کە ئەمەش سامان و داهاتێکی گرنگە. بەس ئەمە چۆن دێتە دی؟. بیگۆمان هەموو کارەکان لە (گرێبەست) ێکەوە دەست پیٚ ئەکات، واتە گرێبەستی نەوتی پرۆسەیەکە پێیدا دابەشکردنی پارەکان تیٚ پەڕ ئەبێت لەنێوان لایەنە قازانج کارەکاندا، جگە لەوەش گرێبەست ئەوە دیاری ئەکات چۆن ئەم پرۆسەیە بەڕێوە بچێت، وە چۆن مامەڵە لەگەل ٚ هەندیٚ پرسی جۆراوجۆردا بکرێت کە لەکاتی پرۆسەکەدا دێتە ڕیٚ وەکو: ژینگە، وەکو گەشەی ئابوری ناوخۆیی، وەکو مامەڵە کۆمەلأیەتیە نێوخۆییەکان (کە ئەمە پاڵنەرێکی سەرەکی ئەم نوسینەمانە)

ئێمە سیٚ جۆری ستاندارد لە گرێبەستی نەوتی مان هەیە، کە دووانیان زۆر باون، یەکەمیان گرێبەستی خزمەتگوزاری (عقود خدمە– Service Contract) یە لەبەرئەوەی لەگەڵ ٚ نیەتی نوسینەکەی ئێمەدا نایەتەوەو، گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستانیش تەنها یەك دانەیان نەبێت لەگەلٚ دانەغازە هیچیان لەسەر شێوازی گرێبەستی خزمەتگوزاری نین. دووەمین جۆری گرێبەست بریتی یە لە بەشداری وەبەرهێنان (عقود مشارکە الانتاج– Production Sharing Contract) کە لەناو وەزارەتەکانی نەوت و کۆمپانیاکاندا بە (PSC) ناسراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەدوای ساڵی (2006) ەوە کە بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی داو، کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بەرەو هەرێم هاتن، بڕیاری دا گرێبەستە نەوتیەکانی لەسەر بنەمای بەشداری بەرهەمهێنان ئیمزابکات، ئەم جۆرە لە گرێبەست باشیەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی خانەخویٚ حەزئەکات سوود لە تەکنیك و بەڕێوەبردنی سێکتەری نەوت و گازی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان ببینێت و، تێچووش ناکەوێتە سەر دەوڵەتی خانەخویٚ (یان هەرێمی کوردستان) تا پرۆسەکە نەگاتە قازانجی تەواوەتی (ربح صافي– Net profit)، هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی بەشداری بەرهەم ئەکرێت لەم خالأنەی خوارەوەدا پۆلێن بکەین:

یەکەم: کۆمپانیا بیانیەکە هەموو بەرپرسیارێتیەك ئەگرێتە ئەستۆی خۆی لەماوەی گەڕان و پشکنین دا، واتە کۆمپانیا هیچ بەدەست ناهێنێت یان وەرناگرێتەوە ئەگەر بڕێکی نەوتی وەهای بۆ بازرگانی کردن نەدۆزیەوە.

دووەم: هەردوولا ڕێك ئەکەون بەوەی کە لایەنی یەکەم کە حکومەتە ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەگاتە دوو ساڵ یان هەر ماوەیەکی تر کەلەسەر ڕێککەوتون بداتە لایەنی دووەم کە کۆمپانیاکەیە بۆ گەڕان و دۆزینەوە.

سێهەم: ئەوە لە ئارادایە کە لەوانەیە مەرجێك هەبێت بۆ ئەوەی کۆمپانیا بەناچاری دەستی پیٚ هەڵبگیرێت

له ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو ڕووبەرەی پێی بەخشراوە بۆ بەرهەمهێنان لە ماوەیەکی دیاریکراو بە پێی خشتەیەکی کاتی دیاریکراو.

چوارەم: هەر ئەوەندە کە کۆمپانیا بیانیەکە توانی بڕێکی وا بۆ بازرگانی (کمیە تجاری) لە نەوت بدۆزێتەوە، ئیتر گرێبەستەکە دەست پێ ئەکاو کە ماوەی بەرهەمهێنان و بازاڕکردنەکەی لە نێوان (20 بۆ 30) ساڵ دایەو، دەوڵەت یان هەرێمی خانەخوێ وەك هاوبەشێك لەگەڵ کۆمپانیاکە دەستوەرئەدات لە مێژووی دۆزینەوەی نەوتەکەوە لە کێڵگەکەدا.

پێنجەم: ئینجا کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکە باجی هاتنە ناوەوە لە قازانجی سافی (Net profit) ئەدا وەهەروەها باجی موڵکایەتی (Royalty) لە دەستکەوتی گشتی ئەدات.

شەشەم: کاتێك کۆمپانیا ئەو هەندە لە نەوت ئەدۆزێتەوە بۆ بازرگانی کردن، ئەوا بڕێك ئەبەخشێت بە دەوڵەتی خانەخوێ کە بۆی ناگەڕێتەوە (ئەمە باج نییە تەنها وەك دیاری گرێبەستەکە یان شیرینی نەوتەکەیە).

- خاڵی بنچینەیی ئەوەیە کە لە گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان دا کۆی سەرکێشی و ڕیسکەکە ئەکەوێتە سەر کۆمپانیاکە، لەگەڵ ئەمەشدا چەند مەرج و تایبەتمەندییەکی تری هەیە کە ئەرکی نوسینەکە قورستر ئەکا، چونکە نوسینی بیرکاریانەی تێ ئەکەوێت، لە هەمان کاتدا ناتوانین ئەوەندەی پێویست بکات ئاماژەی بۆ نەکەین چونکە بەشێکی زۆر لەشارەزایانی ئابوری و حکومەت و ڕاهێنەرە پیشەییەکانیش کەوتونەتە بەهەڵە لێکدانەوەی شێوازی کارکردنی گرێبەستەکە، کە لە سروشتی کارکردنی ئەم گرێبەستەدا هەیە:

سێهەم: گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان چۆن ئیش ئەکات؟.

دیارە هەر بە پێی ئەم گرێبەستە دەوڵەتی خانەخوێ خاوەنی سامانە هایدرۆکاربۆنیەکانەو دەستەڵاتی کۆنترۆڵکردنی هەیە، بەهەمان شێوە ئەگەر (نەوت دۆزرایەوە) دەوڵەتی خانەخوێ یان هەرێم بۆی هەیە داوا لە کۆمپانیاکان بکات کە ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی بە کادرەکانی حکومەت بکەن و، دەستی کار زیاد بکەن و، مافە کۆمەڵایەتیەکان دابین بکەن لە سنوری کاروچالاکی بلۆکە نەوتیەکاندا.

ئەوەی وەك پرسیار ئەمێنێتەوە، بە پێی ئەم جۆرە لە گرێبەست ئەم قازانجە لە نێوان حکومەت (دەوڵەتی خانەخوێ) و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکەدا چۆن دابەش ئەکرێت؟. گرێبەستەکە ئەڵێت: بەرهەمەکە دابەش ئەکرێت بە پێی ڕێژەیەك کە هەردوولا لەسەری ڕێك کەوتون دوای ئەوەی کە باجی هاتنە ناوەوە و باجی موڵکانەو تێچووە نەوتیەکانی لێ دەرئەهێنرێت، ئێ بەس چۆن؟. لێرەدا ئەبێت پێشتر مەعریفەیەکی

بانکی و دارایی هەبێت، بۆ جیاکردنەوەی تێکڕای قازانج (مجمل الربح– Gross Profit) لەگەڵ قازانجی پەتی (صافي الربح–Net Profit) دا.

تێکڕای قازانج (Gross Profit) بەرهەمی ئەو قازانجەیە کە لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەکەیا هەیە، واتا بە بێ داشکاندنە بانکیەکان و ئەو تێچوانەی کە بەهۆی خراپبون لە پرۆسەکە (خصومات المصرفیە و الاهلاکات) ڕوویانداوە. بە بیرکاریانە ئاوها لێك ئەدرێتەوە: (تێکڕای قازانج = تێچوی شمەکە فرۆشراوەکە کە نەوتە – ڕێژەی فرۆشتنی نەوتەکە کە کۆمپانیاکە بەرهەمی هێناوە). هەرچی قازانجی پەتی یان صافیە (Net Profit) ئەمە ئەو قازانجەیە کە دوای هەموو شتێك ئەمێنێتەوە، واتا دوای داشکاندن یان لێ دەرکردنەکانی کە لەبواری بانکی و باج و خراپبونەکان کە لە پرۆسەکەدا ڕوویانداوە ئەمێنێتەوە، ڕۆشنتر لەمە ئەوەی بە پوختی ئەمێنێتەوە دوای ئەوەی هەموو تێچوەکانی لێ دەرئەهێنیت، بە بیرکاریانە ئاوها لێك ئەدرێتەوە: (قازانجی پەتی = کۆی گشتی دەستکەوت – کۆی گشتی تێچوو).

لێرەدا، لە قۆناغی یەکەمدا بڕی گشتی نەوتەکە بەرهەم دێت (ئیتر بە پێی بلۆکە نەوتیەکەو ئاستی بەرهەمهێنان) یەکسەر دوای ئەوە (10٪) ئەڕوات بۆ مووڵکانەی حکومەت (Government Royalty) ئینجا جەولەی دووەم قازانجی نەوتی صافی کە مایەوە (صافي النفط المتاحة– Net available oil) ئە لێرەوە حکومەت بە چڕی دێتە ناوەوە، کۆمپانیاکەش خێرا خەریکی هێنانەوەی ئەو تێچوانە ئەبێت کە لە بەرهەمهێنانی نەوتەکەدا سەرفی کردووە ئەمە پێی ئەڵێن (Cost Recovery Oil) بۆ نمونە: دەست ئەکات بە فرۆشتنی خام یان گاز یان ئەو پێکهاتەو هۆکارانەی کە لەکاتی بەرهەمهێناندا ئەشێت بۆ فرۆشتن سوودی لێ ببینێت، ئەمەیان حکومەت بەشێك نییە لێی، ئەم کۆست ریکۆڤەریە تەنها لە گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێناندا هەیە، فەلسەفەکەشی ئەوەیە کە کۆمپانیاکە سەرکێشی کردووە کە گرێبەستێکی لەوجۆرەی ئیمزاکردووە، بۆیە ئەگەر حاڵەتێك هاتە پێش بڕێکی ئەوتۆ نەوت نەدۆزرایەوە، ئەوا هەرچۆنێك بێت وا بکات بڕێك لەو تێچووەی هەیبوە بیگەڕێنێتەوە بۆ خۆی.

ئینجا دوای ئەوە تێکڕای قازانجی نەوت – Gross profit دێتە پێشەوە (کە لەسەرەوە ماناکەیمان ڕوون کردەوە). چۆن تێکڕای قازانجی نەوت لەنێوان: حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکە و پرسەکانی وەك پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان و بەڵێندەرە ناوخۆییەکان و دەرەکیەکان و کۆمپانیا تایبەتە ناوخۆییەکان دا دابەش ئەکرێت؟ ئەمە بە ڕێژەیەك دابەش ئەکەن کە 70/30٪ یان 85/15٪ ە (ئەو لە ٪ ئەو سەتە نییە کە خوێنەران و زۆرکەس بیری لێ ئەکەنەوە) لێرەدا هاوکێشەیەکی حیسابی ئاڵۆز هەیە کە پەیوەستە بە ئاستی داهات کە دابەشکراوە بەسەر ئاستی تێچوودا پێی ئەڵێن فاکتەری ئاڕR (Factor 'R') فاکتەری ئاڕ ئیراداتی کەڵەگە بووە (لە تێچوی نەوت و قازانجی نەوتەکە) کە تیایدا ئیراداتی کەڵەگە

بو دابەش ئەکرێت بەسەر تێچووی کەڵگە بودا. ئەمە بەکورتی یانی قازانجی نەوت لەسەر بنەمای فاکتەری ئاڕ دابەش ئەکرێت، ئیتر ڕێژەی هەموو شتەکانیش بە پێی فاکتەری ئاڕ ئەگۆڕێت. لەمە زیاتر لێی ئەگەڕێین چونکە ژمارەکاری و سەرلەنوێ کەڕەت کردنەوەی هەیەو ئەرکی نوسینەکە قورستر ئەکات.

چوارەم: ئاریشەی پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان چیە ؟.

بەرنامەی بەرپرسیارێتی لە هاریکاری کۆمەڵایەتی (Corporate Social Responsibility) کە بە (سی ئێس ئاڕ–CSR) ناسراوە لە کاری کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانداو، هەموو کۆمپانیایەکی فرەڕەگەز دیسکێکی تایبەتی بە CSR هەیە، بەپێی گرێبەستی بەشداری بەرهەمهێنان (Predicting Sharing Contract) ئەبێت لەنێوان (2.4 ٪ بۆ 4.8٪) ی تێکڕای قازانجی نەوت بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان بێت، کە بە (KSP) ناسراوە.

بەشێکی زۆر لە زانکۆکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لادێکان، ناوەندەکانی توێژینەوە، ناوەندەکانی ڕاهێنان و مەشق و...تادوایی بەدەستیەوە کێشەیان هەیە، واتە لەبنەڕەتدا لە هەموو وولاتێك لە هەر بوارێك کۆمپانیایەك وەبەرهێنان ئەکات، بودجەیەکی تایبەت و دیسکێکی تایبەتی بۆ پاڵپشتی کردنی دارایی ئەو ناوچەیە کە کاری تیا ئەکات، بۆ نمونە: خوێندنگە نۆژەن ئەکەنەوە، ڕێگا چاك ئەکەن، پاڵپشتی سەرپێخستنی کەرتی پەروەردەو دابین کردنی کەرەستەکانی ئەکەن و...تادوایی. ئێ بەڵام لەهەرێمی کوردستان ئەم بوارەش گرفتی هەیە، چۆن؟

یەکەم: لەهەندێ ناوچە سەرۆك عەشیرەت یان بەرپرسێکی سەربازی یان حیزبی بووە بە بڕیاردەر بەسەر ئەم بەشەوە لەناو کۆمپانیاکە یان بلۆکە نەوتیەکەدا خەڵکی خۆیان فەرز ئەکەن بۆ کارکردن تا ئەو شوێنەی ئەو بڕیار ئەدا ئەمە بۆ فلانە شوێن بکرێ و ئەوە نەکرێت...

دووەم: ئەگەر قازانجی گشتی تەنها یەك کۆمپانیا لەماوەی ساڵێکدا (100) ملیۆن دۆلار بێت، بەپێی گرێبەستەکە ئەبێت لە نێوان (2.4) دوو ملیۆن و چوارسەت هەزار بۆ (4.8) ملیۆن و هەشت سەت هەزار دۆلار تەنها لە یەك گرێبەستدا بۆ پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان بکرێت!. بەڵام زۆرجار کۆمپانیاکان تاکلایەنە ئەمە ڕائەگرن و نایدەن، زۆرجار وەزارەتی سامانە سروشتیەکان چەند سەنتەرو میدیاو ڕێکخراوێکی حیزبی نزیك لەخۆیان دائەنەن کە ئەم پارانە وەربگرن، زۆرجاریش داوای فەرمانی سەرو خۆیان ئەکەن و چاوبەست ئەکەن، بەوەی ئەڵێن، ئەگەر ئێمە بە کۆمپانیاکە بڵێین لەو بودجەیە هاوکاری بۆ نمونە فلان سەنتەری توێژینەوە بکەن ئەوا ئەبێت لەوسەرەوەو لەکۆتاییدا حکومەت خۆی ئەو پارەیە

بداتەوە!!. زیاتر لە (10) ساڵ نزیکەی (52) گرێبەستی نەوتی حکومەتی هەرێم هەیە، ئەگەر لە هەر (52) گرێبەستەکەدا تەنها پارەی (CSR) بە نمونە وەربگرین ئایا چەند کیلۆمەتر قیرتاوی بۆ ئەو ناوچانە پێکراوە کە تەنکەرە نەوتیەکان پێیدا تێ پەڕ ئەبێت؟. ئایا چەند خوێندنگەی پێ دروستکراوە کە وەزیری پەروەردە لە 30ی نیسانی 2019 ئەڵێت ملیارێك و پێنج سەت ملیۆن دۆلارمان بۆ کردنەوەی خوێندنگە پێویستە!. ئایا چەند ناوەندی لێکۆڵینەوەی زانستی بەهێزی پێ سەرپێخراوە تا لەناوەوە ئیش بۆ بونیادنان و لەدەرەوەی ولأتیش کار لەسەر دانپیانانی کیانی کوردی بکەن؟.

کۆتایی

کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نۆژەن کردنەوەو پیاچونەوەیەکی خێرایە، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە دەستوری و یاساییە عێراقیەکان لەلایەك و، هەناردەکردنی نەوت و غازی سروشتی لە سۆنگەی پەیوەندی و گۆڕانکارییە هەرێمایەتیەکان لەلایەکی تر. گرێبەستە نەوتیەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی پترەو، بەرنامە و پرۆگرامە کۆمەڵایەتیەکانی نەوت لەهەرێمی کوردستان پێویستە ببنە مایەی بونیادنانی ژێرخانی زانستی و ئاوەدانکردنەوەو یاریدەدەرێکی باشی ئەو سەنتەرو ڕێکخراوە پرۆفیشناڵانە بن کە لەئایندەیەکدا بۆ یارمەتیدانی ئاسایشی نیشتیمانی هەرێم لە سەر پێ بن.

*بەهرۆز جەعفەر، سەرۆکی ئینستیوتی مێدیتریانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، خوێندکاری دکتۆرایە لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتیەکان.